گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين
E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI: https://doi.org/10.26750/h2fddt64
ڕێــکەوتــی وەرگــرتــن: 20/08/2025
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 27/10/2025
ڕێـکەوتی بڵاوکردنەوە: 20/03/2026

# ڕۆڵی کۆمەڵایەتی دامەزراوە ئاینییەکان لە شارە کوردییەکان لەسەدەکانی (٤-٦ك/ ١٠-١٢ز)دا

(توێژینەوەیەکی مێژویی شیکارییە)

**دلاور قادر صديق[١] - رسول ابراهيم رسول[٢]**
Rasul.ibrahim@uor.edu.krd - dlawar.qadir448@gmail.com
[١+٢]بەشی مێژو، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عیراق.

**پوختە:**

لێکۆڵینەوە لە شار و دیاردەی شارنشینی بابەتێکی زیندو و گرنگی شارستانییە، کە سەرباری کۆنی مێژوی دیاردەکە، بەڵام بابەتەکە بایەخی گرنگ لە ڕەنگڕێژی ژیانی جڤاکی و شارستانیدا بینیوە، لەمرۆدا لە ناوەندە ئەکادیمی و کەلتورییەکاندا بایەخێکی زۆری پێدەدرێت، بێگومان شار وەك ناوەندێکی کۆمەڵایەتی شوێنی نیشتەجێبونی مرۆڤ هەمەکارە و چین و توێژی فرەجۆرە، بەهەمان شێوەش دەکرێت پێویستی و هەلومەرجی ژیانی دانیشتوان بخوازێت دامەزراوەی جۆراوجۆر بونیان هەبێت، کە هەریەکەیان بەپێی ڕۆڵ و ئەرکیان کاریگەری و ڕۆڵی خۆیان لە ڕێکخستنی ژیانی دانیشتوان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و ژیانی ڕۆشنبیری و ئابوری دەگێڕن، دامەزراوە ئاینییەکانیش یەکێکن لە دیارترین ئەو دامەزراوانەی بە درێژایی مێژوی شار ڕۆڵی گرنگیان لە ژیانی جڤاکیدا گێڕاوە، کە بێگومان شارە کوردییەکان وەك شاری زیندوی ئەو قۆناغە سەدەی (٤-٦ك/ ١٠-١٢ز) لەمبارەیەوە نمونەیەکی دیاری ناو شارستانی ئیسلامی بون، بە تایبەت دامەزراوە ئاینییەکان ڕۆڵێکی گرنگیان بینیوە، هەربۆیە هەڵدەگرێت لە توێژینەوەیەکی تایبەتدا باس لە ڕۆڵی ئاینی و کاریگەریان بەسەر هۆشیاری کۆمەڵایەتی خەڵکدا بکرێت، ئەم توێژینەوەیەش کە بەم بوارە تایبەتکراوە[i]، دو تەوەری لەخۆگرتوە، تەوەرەی یەکەمی بۆ ڕۆڵی ئاینی تەرخانکراوە، تەوەرەی دوەمیشی بە ڕۆڵیان لە بواری کۆمەڵایەتیدا تایبەتکراوە، لەگەڵ پێشەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان.

**کلیلی وشەکان:** شارە کوردییەکان، ڕۆڵی ئاینی، کۆمەڵایەتی، کاریگەری.

# The Social Role of Religious Institutions in Kurdish Cities in the Century of (4–6AH / 10–12 AD)

### A Historical-Analytical Study

**Dlawar Qader Sedeeq[1] - Rasul Ibrahim Rasul[2]**

[1+2]Department of History, College of Humanities, University of Raparin, Ranya, Kurdistan Region, Iraq.

**Abstract:**

Within the field of civilization, cities and urbanization are a lively and vital topic of study. While this has deep historical roots, it continues to hold significant importance in shaping social and cultural life, and thus receives considerable attention in academic and cultural discourse .

As social and socio-economic centers, cities bring together diverse groups and classes of people whose living conditions necessitate the presence of various institutions. Each of these establishments, according to their role and function, impact on the organization of daily life, social relations, and the cultural and economic activities of urban populations. Among them, religious institutions are the most well-known, since they have long been of a great deal of importance in the social life of cities.

Kurdish cities of the 4th and 6th centuries AH (10th and 12th centuries AD), were undoubtedly among the vibrant urban centers within Islamic civilization and their religious institutions, in particular, played a crucial role. This study is devoted to examine the religious institutions and their influence on the degree of social consciousness. The study is organized into two primary sections: the role of religion itself and the influence of religious institutions on social atmosphere. The study includes introduction, conclusion, and bibliography .

**Keywords:** Kurdish Cities, Religious Role, Social Role, Societal Impact

## پێشەکی:

بێگومان لێکۆڵینەوە لە مێژوی شار و شارنشینی لە کوردستان بابەتێکی بایەخداری شارستانییە، دیارە کە شار لە کۆمەڵێك دامەزراوەی سیاسی و کارگێڕی و کۆمەڵایەتی و ئاینی و ئابوری پێکهاتوە، کە سیمای هەیکەلی مادی دەردەخەن، سەرباری ڕۆڵی هەریەکەیان کە جیاوازە، لەوانەش دامەزراوە ئاینییەکان کە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە ژیان و ڕۆڵی کۆمەڵایەتییەوە هەیە، هەربۆیە توێژینەوەکە بەناونیشانی (ڕۆڵی کۆمەڵایەتی دامەزراوە ئاینییەکانی لە شارە کوردییەکان لە سەدەکانی (٤-٦ک/ ١٠-١٢ز)دا تایبەتکراوە.

## گرنگی و بایەخی توێژینەوەکە:

بێگومان بایەخی ئەم توێژینەوە لەوە دایە کە تیشک دەخاتە سەر بابەتێک لەو بابەتە گرنگانەی کە پەیوەندی بە جوگرافیای دانیشتوانەوە هەیە، کە لەمڕۆدا بابەتێکی زیندوی ناو کایەی زانستی و شارستانییە، بەتایبەت تیشکخستنە سەر ئەو قۆناغە گرنگەی مێژوی کورد بۆ دەرخستنی ئاستی پیشکەوتنی شارستانی شارەکانی کوردستان، ئامانجی توێژینەوەکەش ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەیەکی زانستی مێژویی بێلایەنانەیە، لە بواری ڕۆڵی دامەزراوە ئاینییەکانی بەبێ لەبەرچاوگرتنی جیاوازی ئاینی و مەزهەبی دانیشتوان لەو قۆناغەدا، بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییەکی بچوکی ناو کتێبخانەی کوردی.

## میتۆدی توێژینەوەکە:

ئەوەی کە پەیوەندیشی بە میتۆدی توێژینەوەیەکەشەوە هەیە، ئەوا بەپێی سروشتی توێژینەوەکە پشتمان بە میتۆدی مێژوی وەسفی بەستوە بۆ وەسفکردنی هەندێک لەو شوێنە ئاینیانە کە لە شارەکاندا هەبون، پاشان میتۆدی شیکاریمان پەیڕەوکردوە، بۆ شیکردنەوەی ئەو ئەرکە جۆربەجۆرانەی کە لە شارەکاندا بینیویانە.

**گرفتەکانی توێژینەوەکە:**

نوسینی ئەم توێژینەوەیە بێگومان بێ گرفت نەبوە، ڕەنگە گرفتی سەرەکی ئەوە بێت کە لەناو سەرچاوەکان بە ڕونی یاخود بە زەقی ئاماژە بە ڕۆڵی ئاینی و کۆمەڵایەتی دامەزراوەکان نەکرابێت، بەڵام لە ژێر سێبەری ڕوداوەکان هاتوین شرۆڤەی ڕوداوەکان و ئەو تێکستانەمان کردوە کە لە سەرچاوەکاندا هاتون، ئەوەی کە تایبەتیشە بە پرسی توێژینەوەکە، وەڵامە بۆ کۆمەڵێک پرسی گرنگ لەوانە گرنگترین دامەزراوە ئاینییەکانی شارەکان چیبون؟ گرنگترین ئەرکی ئاینی دامەزراوەکان چیبوە؟ شارە کوردییەکان لەو قۆناغە میژوییەدا بە ئەرکی مێژویانە خۆیان هەستاون؟ گرنگترین ئەو ئەرکە ئاینیانە بەرامبەر بە دانیشتوان پەیڕەویان کردوە چ بون؟ تا چەند ڕۆڵیان لە هۆشیاری کۆمەڵایەتیدا بینوە؟

**پێکهاتەی توێژینەوەکە:**

توێژینەوەکەش پێکهاتوە لەدو تەوەرە و پێشەکی و لیستی سەرچاوە و ئەنجامەکان، تەوەرەی یەکەمی بۆ ڕۆڵی ئاینی تەرخانکراوە، تەوەرەی دوەمیشی بە ڕۆڵیان لە بواری کۆمەڵایەتیدا تایبەتکراوە.

**شیکردنەوەی سەرچاوەکان:**

بێگومان بۆ نوسینی ئەم توێژینەوە پشت بە کۆمەڵی سەرچاوەی ڕەسەن و بنەڕەتی بەستراوە، سەرباری چەند ژێدەرێکی زانستی و تایبەتمەند، بە تایبەت سەرچاوەی گەڕیدە و وڵاتناسان، کە سەرچاوەی گرنگن و زانیاری و ئاماژەی زۆریان لەسەر دامەزراوەکانی شارە کوردییەکان بەتایبەتیش دامەزراوە ئاینییەکان تێدایە، کە وەك نمونە چەند سەرچاوەیەك دەکرێت لێرەدا ئاماژە بۆ بکەین و ئەوانی دیکە لە لیستی سەرچاوەکان ناویان هاتوە، لە نمونەی ئەو سەرچاوانە وەك (أحسن التقاسيم في معرفة الاقاليم)(المقدسي)(مردولە ٣٨٠ك/ ٩٩٠ز)کە وەك سەرچاوەیەکی وڵاتناسی سودی لە بواری جوگرافی و زانیاری دەربارەی شارەکان و هەندێ وەسف و ئاماژەکردن بە دامەزراوەکان سودی لێوەرگیراوە، کتێبی (معجم البلدان)ی (ياقوت الحموي)(مردو لە ٦٢٦ك/ ١٢٢٩ز)بەهەمان شێوە زانیاری گرنگی لەسەر شارەکان و وەسفی دامەزراوە ئاینییەکانی تێدابوە، خزمەتی توێژینەوەکەی کردوە، لە سەرچاوە مێژوییەکانیش وەك (المنتظم في تاريخ الملوك والامم)ی (ابن الجوزي)(مردو لە ٥٩٧ك/ ١٢٠٠ز) وەك سەرچاوەیەکی مێژوی گشتی بەتایبەت لە زانیاری مێژوی و ڕۆڵ و سەردەمی میرنشینەکان سودی لێوەرگیراوە، کتێبی (تاريخ أربل) (ابن المستوفي) (مردو لە ٦٣٧ك/ ١٢٣٩ز) کە سەرباری ئەوەی هاوسەردەمی بەشێك لە ڕوداوەکان بوە، زانیاری گرنگیشی لەسەر دامەزراوە کان و کەسایەتییەکان خستۆتەڕو، سودی زۆری بۆ توێژینەوەکە هەبوە.

سەرباری زۆری جۆراوجۆری ژێدەرەکانیش، کە بەشێکیان بەتایبەت بۆ بابەتە و توێژینەوەیە سودیان لێوەرگیراوە، کە دەکرێت بەکورتی ئاماژە بە چەند نمونەیەك بکەین کە زیاتر گەڕاوینیتەوە سەریان، لە نمونەی ئەوانە کتێبی (المدينة الكوردية)ی (فرهاد حاجي عبوش) کە وەك ژێدەرێکی زانستی و تایبەتمەند باسی دامەزراوە جۆربەجۆرەکانی کردوە، بە تایبەت دامەزراوە ئاینییەکان، وەك ناوهێنان و شوێنیان، لەبەرئەوە ئێمە زۆر نەگەڕاوینەتەوە سەر ئەو لایەنە، بەڵام توێژەری ناوبراو کەمتر باسی ڕۆڵی دامەزراوەکانی کردوە کە بابەتی سەرەکی توێژینەوەکەیە، کتێبی (ژیانی کۆمەڵایەتی کورد)ی (فائيزە محمد عيزەت) ئەمەشیان لە چەند لایەنەوە سودی بە توێژینەوەکە گەیاندوە، بەتایبەت بە سودوەرگرتن لەو شیکاری و شرۆڤانەی بۆ ڕۆڵی دامەزراوەکانمان کردوە، ئەوە سەرباری کتێبی (کورد و ناوچە

کوردنشــینەکان لە کتێبی معجم البلدانی یاقوت حەمەوی)دا (تارا محمد دەشــتی) کە بۆ زانیاری لەســەر دامەزراوەکان ســودی هەبوە، ئەمە کتێبی (أهل الذمة في بلاد الكرد)ی (بناز اسـماعيل عدو) کە تایبەت بە پێکهاتە ناموسـڵمانەکانی ناوچە کوردنشینەکان، زیاتر لە باسکردنی دامەزراوە ئاینییەکانی تایبەت بە پێکهاتە ناموسڵمانەکان سودی لێوەرگیراوە، جگە لەمانە چەند ســەرچاوە و ژێدەری دیکە ســودیان بەتوێژینەوەکە گەیاندوە، بەڵام لەبەر درێژنەبونەوەی بابەتەکە لێرە باس نەکراون، لە لیستی سەرچاوەکان ئاماژەیان بۆکراوە.

**تەوەرەی یەکەم: ڕۆڵی ئاینی دامەزراوەکان:**

دیارە پەیوەندییەکی بەهێز و مێژویی لە نێوان شـار و دامەزراوە ئاینییەکاندا هەیە، بە جۆرێك لەیەکتر جیاناکرێنەوە، نەك هەر ئەوەش بەڵکو بۆچونی وا هەیە کە دامەزراندن و ســەرهەڵدانی هەندێ شـاریان بە مەڵبەندەکانی پەرســتش و پەرستگاکان بەستۆتەوە، تا ڕادەی ناودەرکردنیان بەناوی پەرستگا و خواوەندەکانیانەوە (الخفاف و المرسومي، ١٩٩٩، ٢٢٧)، بۆ نمونە شـارەکانی ڕۆما لەســەر بنەمای ئاینی دامەزران و ســیمای ئاینی پەرســتگا بەســەریاندا زاڵبوە (الذیب بالقاسم، ١٩٩٥، ١١)، یاخود شارە کۆنەکانی وڵاتی دوروبار بە شـاری پەرستگاکان ناودەبرێن (سـعيد، ١٩٨٨، ١٢٧)، بۆیە پەیوەندی نێوان ئاین و شار پەیوەندییەکی کۆنە و هیچ شارێك بێ ناوەند و پەرستگا نەبوە، ئەستەمە ئاین لە شار جیابکرێتەوە (عباس، ١٩٧٠، ٢٢٨؛ سـعيد، ١٩٨٨، ١٣٤)، ئەوە سـەرباری ئەوەی خودی ئاین بابەتێکی کۆمەڵایەتییە و بەشـێکی گرنگی ســـتەمی کۆمەڵایەتییە، بۆیە ئەســـتەمە لە یەکتر جیابکرێنەوە (میران، ٢٠١٠، ٥٧)، بۆیە لە زۆر لایەنەوە پەیوەندی یەکانگیر و بەهێزیان بەیەکەوە هەیە، بێگومان شـارە کوردییەکانیش لەو خەسڵەت و تایبەتمەندییە بەدەرنەبون، کە هەر لەکۆنەوە وەك ناوەندێکی کۆمەڵایەتی و شـــارســـتانی زیاتر لە جۆرێك لە پەرســـتگا و ناوەندی پەرستشیان تێدا بوە، لە نمونەی (دێر و ئاتاشگا و کەنیسە)، کە بەپێی پەیڕەوکارانی ئاینە جیاوازەکان پێش ئیسلامیش لە نمونەی ئەمانە بونیان هەبوە (عبوش، ٢٠٠٤، ٩٣؛ دەشـتی، ٢٠١٥، ١٨٣)، لەدوای پرۆســەی فتوحاتی ئیســلامی و بڵاوبونەوەی ئیســـلام لە ناوچە کوردییەکاندا، ئیدی دامەزراوە ئاینییەکانی تایبەت بەو ئاینە وەك پێویســـتییەك و مەرجێکی ئاینەکە لە زۆربەی شـار و شـارۆچکە و تەنانەت ئاواییەکانیش دروسـتکراون، کە وەك ڕاسـپاردەیەکی ئاینی کە پیویســتبو هەرناوچە و ئاوایەك فەتحەکرێت مزگەوتێکی تێدا دروســتبکەن (بۆ نمونە بڕوانە: البلاذري، ٢٠٠٠، ١١١، ١٧٥؛ المقريزي، ١٤١٨هـ، ٤/ ٥-٦)، لەبەرئەوە گەیاندنی ئاینیش بە هەمو چینە و ڕەگەز و نەتەوەکان ئەرکێکی گرنگی ســەر شــانی موســلمانان بوە، کە قۆناغی جیاوازی بڕیون، هەر لە قۆناغی فتوحاتی ئیســلامی بە گشــتی بە یەکێک لە گرنگترین ئەرکە ئاینییەکان دەهاتە هەژماردن، چونکە هەر بانگەواز و ئاینێک پێویســـتی بەوە هەیە کە خەڵکی زۆری بۆ بانگ بکرێت تاوەکو پەیڕەوی لێبکەن (ئیبن خەلدون،٢٠١٦، ٤٢٩/١).

ئیدی لەدوای وردەوردە بڵاوبونەوەی ئیسـلام و پرۆسـەی موسـڵمانبونی کورد پێویسـتی و بەرفراوانبونی پەیڕەوکارانی ئیســلام، پێویســتیش بە دروســتکردنی ئەم دامەزراوە ئاینییە زیادی کردوە، بەتایبەت دوای گەشــەکردنی شــارســتانی ئیسـلامی و سـەرەتاکانی سـەرهەڵدانی دەسـەڵاتە خۆجێیەکانی کورد، تا ئەو ئاسـتەی (مسـجد – الجامع) لای گەریدە و وڵاتناســـانی موســـڵمان بونە بنەمای بە شـــاردانانی شـــوێنێك، ئەمەش پەیوەندی بە بەرقەراربونی ئاین و فراوانبونی شـــوێنەکەوە هەبوە، ســـەرباری چەند مەرج و خەســـڵەتێکی دیکە (المقدسي، ١٩٩١، ٤٧؛ عثمان، ١٩٨٨، ١٥)، لەبەرئەوە دەبینین لە قۆناغ و ماوەی لێکۆڵینەوەکەدا وەك ئەرکێکی ئاینی و شارستانی میر و بەرپرسی شارەکان دەستێکی باڵایان لە ئاواکاری ئاینییدا بینوە، بە شـــێوەیەکی بەرفراوان بە دروســـتکردنی مزگەوت و دامەزراوەی دیکەی ئاینی هەڵســـتاون، بۆ نمونە ســـەرچاوە مێژوییەکان باس لەوە دەکەن کە میر بدر کوڕی حســـنەوی[ii](٣٦٩-٤٠٥ك/ ٩٧٩-

١٠١٤ز) گرنگی زۆری بە دروستکردنی مزگەوت داوە (ابن الاثیر،٢٠٠٦، ٨/ ٧٠٦؛ النقشبندی،٢٠١١، ٣٣٤) نزیکەی دو یا سێ هەزار مزگەوتی دروست کردوە لەوانەی زیاد ڕەوەی لەم ژمارە دا هەبیت (ابن الجوزي١٩٩٢، ٢٧٢؛ ابن کثیر، ١٩٨٨، ١١/ ٤٠٧؛ ابن العماد الحنبلي، ١٩٨٦، ٥/ ٢٩)، بەڵام ئێ ئەوەمان نیشـــان دەدات کە ســـەرکردە و میرە کوردەکانی گرنگی زۆریان بە دروســتکردنی مزگەوت داوە زیاتر مەبەسـتیان ئاوەدانی ناوچەکە بوە چونکە مزگەوت جگە لە شـوێنی خوداپەرسـتی شـوینی بڵاوکردنەوەی زانسـت و زانیاری بوە، لەگەڵ ئەمەشـدا خاکی میرنشـینی حەسـنەوی ڕێگەی سـەرەکی تێپەڕبونی حاجیانی ناوچەی خراسـان بوە، لەوانەیە زیاتر مەبەسـتی بوبێت حاجیان تێدا پشـو بدەن، چونکە لەو سەردەم مزگەوتی شوێنی مانەوەی خەڵک بوە.

شـــارەکانی دیکەش لەمجۆرە دامەزراوەیە بێ بەش نەبون[iii]، بۆ نمونە ســـەرچاوەیەک ژمارەی مزگەوتەکانی شـــاری میافارقین بە دوســەد دانە و شـاری ماردین بە نزیکەی سـەد دانە، مزگەوتەکانی جزیرە ابن عمر بە هەشـتا دانە هەژمار کردون(ابن شـــداد، ١٩٧٨، ٢١٥/٣، ٢٧٧، ٥٤٤)، لە هەولێریش ژمارەیەک مزگەوتی ناودار هەبوە (ابن المســـتوفي، ١٩٨٠، ٨٦؛ ئاكۆیی، ٢٠٢٤، ١٦٨) هەروەها ســـەرچاوەیەکیش ئاماژە بە کۆمەڵێ مزگەوت لە شـــاری ئامەد داوە، بە ناوەکانی مزگەوتی جبریل و مزگەوتی ئەبوبکری صـدیق و عەلی کوڕی ئەبو تالیب(الهروری، ١٤٢٣ه، ٦٥)، بەهەرحاڵ بواری ئەوە نییە و جێی مەبەســـتی توێژینەوەکەش نییە، ئاماژە بە هەمو شـــار و مزگەوتەکان بکرێت، هەروەك نمونە ئاماژەمان بۆ کردون (بڕوانە: عبوش، ٢٠٠٤، ٩٢- ١٢٦).

ئەوە ســـەرباری ئەوەی دامەزراوە ئاینییەکانی تایبەت بە ئاینی ئیســـلام و موســـڵمانان تەنها مزگەوت نەبوە، بەڵکو دامەزراوەی دیکەش لە نمونەی (زاویە و رباط و خانقاه) دامەزراوەی ئاینی تایبەت بە موسڵمانبون، کە هەریەکەیان بۆ مەبەســـت و زیاتر لە ئامانجێك هاتونەتە ئاراوە و ڕۆڵی ئاینی و خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی زۆریان بینیوە، چ جای خزمەتکردن بە بواری ســـەربازی و زانســـتی، کە بێگومان لە زۆربەی شـــارە کوردییەکاندا زیاتر لە دانەیەك هەبوە، ڕۆڵی مێژویانەی خۆیان گێڕاوە، لە نمونەی شـــارەکانی وەك هەولێر و دەینور و ئامەد و میافارقین و ماردین (عبوش، ٢٠٠٤، ١١٠؛ دەشتی، ٢٠١٥، ١٨٤؛ ئاكۆیی، ٢٠٢٤، ١٧٠)، هەر چەندە هۆکاری جیا لە پشت سەرهەڵدان و دروستکردنیان بوە، بەڵام بە گشتی خزمەتی پرۆسەی ئاینپەروەری و خواپەرستیان کردوە، بڵاوبونەوەی ئەو دامەزراوانەش بە جۆرێک بو، کە لە زۆربەی شـار و شـارۆچکەکانی جیهانی ئیسـلامی ئاواکراون، بەتایبەت ناوچە دورە دەسـتەکان کە بونە شـوێنی جەنگاوەران و خۆبەخش و سـۆفی و بێ نەوایان غەریبان، هەروەک سـەرچاوەیەک ئاماژەی کردوە، کە هیچ شـارێک لە مەملەکەتی چیاکان و ئازربایجان و جزیرە و عێراق و شـــام نەبوە، لەم جۆرە خانەقانەی تێدا نەبوبیت (ابن حوقل، ١٩٧٩، ١٨٤/١).

لە ڕاسـتیدا شـوێنەکانی پەرسـتش و ئاواکاری ئاینی لە شـارە کوردییەکاندا تەنها بە ئاینی ئیسـلام و موسـڵمانانەوە پەیوەسـت نەبوە، بەڵکو پێکهاتە ئاینییەکانی دیکەش کە لە زۆرێک لەشـارە لە شـارو شـارۆچکەکان شـان بەشـانی کورد ژیاون، خاوەنی دامەزراوەی ئاینی تایبەت بە خۆیان بون، وەک (دێر، کەنیسـە و ئاتاشـگە)کان، کە ئەمانە مێژوی کۆنتر لە دامەزراوە ئاینییەکانی تایبەت بە ئیسـلامیان هەبوە، لەسـەردەمی عەبباسـیدا بایەخ بە ئاواکردن و نوژەنکردنەوەیان دراوە، سەبارەت بەم دامەزراوانەش سەرژمێری و ئامارێکی ورد دەربارەی ژمارەیان لەبەردەست نییە، ئەوەندەی هەیە لە زۆری ئەو شـــار و شـــارۆچکە و ئاوایانەی پەیڕەوکاری ســـەر بە ئاینی (جولەکە و مەســـیحی و ئەوانی دیکەش) هەبون (یاقوت الحموي، ١٩٩٥، ٢/ ٥١١؛ عدو، ٢٠١١، ٩٢)، ئەوە ســـەرباری گلکۆ و مەرقەد و نزگە و ئارامگای تایبەت بە

پێکهاتە جیاوازە ئاینییەکان، کە لە بۆنە و مەراسیمی تایبەتدا پەیڕەوکارانی سەر بە ئاین و مەزەبە جیاوازەکان سەردانیان کردون، کە لەتەوەری دووەمدا ئاماژەیان بۆدەکرێت.

بێگومان هەریەك لەو دامەزراوە ئاینییانە بەپێی تایبەتمەندی ئاینەکە ڕۆڵ و ئەرکی گرنگی لە ژیانی کۆمەڵایەتی و ئاینی پەیڕەوکارانیدا بینیوە، ئەگەرچی خۆیان دامەزراوەی ئاینین، کە مەبەست مەڵبەندی پەرستش و شوێنی کۆڕوکۆبونەوەی ئاینی و زیکر و تەهلیلە و دوعاخوازین، بەڵام قسەکردن و ڕونکردنەوەی ڕۆڵەکەیان لەمبارەیەوە پێویستییەکی مێژوی و شارستانییە، تاوەکو باشتر لە ئەرك وەزیفەی دامەزراوەکان تێبگەین، بەتایبەت لەو قۆناغە گرنگەی مێژوی کوردا، وەك لایەنێکی شارستانی و پێویستیەکی سەردەم بەپشت بەستن بەسەرچاوەکان و شیکردنەوەی دەقەکان و لێکدانەوەی توێژینەوە نوێیەکان ئەرك و ڕۆڵیان دیاریبکرێت.

بەلەبەرچاوگرتنی حاڵەتی زۆرینەی پەیرەوکارانی ئیسلام، وەك ئاینی زۆرینەی دانیشتوانی شارە کوردییەکان لە قۆناغی لێکۆڵینەوەدا، سەرەتا باسی ڕۆڵی دامەزراوە ئاینییەکانی تایبەت بەم ئاینە دەکرێت، مزگەوتیش بە یەکەمین دامەزراوەی ئاینی لە ئیسلامدا دادەنرێت، کە مەبەست لە بنیاتنانی، تێیدا جێبەجێکردنی ئەرکە ئاینییەکان بوە، وەك شوێنی پەرستش و بەندایەتی و پاڕانەوە، شوێنێکی پیرۆز و قەدرلێگیراوە (الخزیم، ١٤١٩هـ، ١٠)، دوای پرۆسەی موسڵمانبونی کورد و بڵاوبونەوەی ئیسلام وەك ئاماژەکرا، یەکەم دامەزراوەیەکی ئاینی کە لە ناوچە کوردنشینە جیاوازەکان دروستکراوە، ئیدی شوێنی دێر و ئاتاشگا و کەنیسەکانیان گرتەوە، بەتایبەت بۆ ئەوانەی کە باوەڕیان بە ئاینی نوێ هێناوە، شارەزایانی ئاین و مەلا و زاناکان ڕێبەرایەتی خەڵکان بۆ پیشاندانی ڕێگای ئیسلام و (خواناسی) گرتۆتە دەست، کاریگەری و ڕۆڵی گرنگیان لە پرۆسەی بڵاوکردنەوەی ئاین و ئاشناکردنی خەڵك بە بنەما و ڕێورەسم و پەرستشەکانی ئەو ئاینەدا بینیوە، لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی و ئاینی و فەرهەنگیدا ڕەنگی داوەتەوە (توفیق، ٢٠١٠، ٧٠)، بۆ ئەنجامدانی ئەو ئەرکەش بەتایبەت لە قۆناغی یەکەمدا عەرەبەکان ڕۆڵی گرنگیان بینیوە، کە لە زۆربەی ناوچەکان بڵاوبونەوە و لە خانەی داهاتیش بڕێ پارەیان بۆ بڕایەوە، لەبەرامبەر ئاشناکردنی خەڵك بە بنەماکانی ئاین و بڵاوکردنەوەیدا (البلاذري، ٢٠٠٠، ١٩٧- ١٩٨)، لە قۆناغەکانی دواتریشدا و دوای ئاشنابونی کورد بە بنەمانی ئاین و دەرکەوتنی چینێك لە زانایان و شەرعزانان لە زۆربەی شار و ناوچەکانی کوردستان، ئەرکی بڵاوکردنەوەی ئاین و ئاشناکردنی خەڵکیان بە بنەما شەرعی و ڕابەرایەتی کردنیان گرتۆتە دەست، ئیدی مزگەوتەکان وەك دامەزراوە و مەڵبەندێکی گرنگ بونە ناوەندی پەروەردەکردن و چاکسازی کۆمەڵایەتی، کە لە ڕێگەی وتاردان و کۆڕ و زکر و ئەلقەی وانەوتنەوە و وتاری هەینیانە ڕێنمایی و ئامۆژگاری پێشەکەشکراوە (رسول، ٢٠٢٠، ٢١٦)، کە بێگومان دەرفەتی باسکردن لە نمونەی ئەو هەمو زانا و وتاریێژانەی کورد نییە، جێی مەبەست نیین و پێشتر زۆر باسیان لێوەکراوە[iv].

بەهۆی ئەو ڕەوشە ئاینی و زانستیەش کە بە پلەی یەکەم پێش سەرهەڵدانی دامەزراوە فێرکارییەکان مزگەوتەکان بۆشایی ئەوانیان لەمبارەیەوە پڕکردۆتەوە، ئیدی سیاسەتی میر و دەسەڵاتدارانی ناوچە کوردنشینەکان ڕۆڵیان لە ئاواکردن و بایەخدان بەو دەمەزراوەیە زۆر دیاروبەرچاو بوە، لەبەرئەوە دەبینین وەك ڕۆڵێکی دیکەی مزگەوتەکان بۆتە هۆی ڕاکێشان و کۆبونەوەی زانا و شەرعزان و قورئانخوێن، کە لەناوچە و شارەکانی دیکەی دەرەوەی هەرێمە کوردنشینەکانیشەوە ڕوبکەنە شارە کوردییەکان، بەم هۆیەشەوە شارەکان وەك ناوەندێکی ئاینی و زانستی ڕۆڵی گرنگیان گێڕاوە و ناو و ناوبانگیان زیاتر دەرکەوتوە، زانایانیش وەك هەست و هاوسۆیێ بۆ شارەکان و دیاردەیەکی باوی سەردەمەکە بە هەڵگری پاشگری ناوی شارەکان خۆیان ناساندوە، لە نمونەی (سنجاری و آمدی و حصین کیفی و شارەزوری و حلوانی و ئەشنەیی و دینەوەری و اربلی...)(بنگي، ٢٠٠٥، ١٩٤؛ محمد، ٢٠١٢، ١٠٧؛ کاکە یاسین،

٢٠١٣، ١٥٤)، هەرئەمەش وایكردوە شـــارە كوردییەكان زۆرێكیان ببنە ناوەندێكی گرنگ ســـەرباری هۆكاری دیكە بۆ سەرهەڵدانی و پەرەگرتنی دیاردەی سۆفیگەری و زوهدیگەرایی، كە وەك بزوتنەوەیەكی دونیانەویستی و دوركەوتنەوە لە تاوچێژی ژیان و پەنا بردنەبەر خەڵوەت و بەندایەتی دەركەوتوە (ئیبن خەلدون، ٢٠١٦، ٢/ ٣٦٤)، تا ئەو ئاســـتەی شاری كوردی وا هەیە ناوی بەشاری سۆفیەكان ڕۆیشتوە (الثعالبي، د.ت.، ٢٣٨ ؛ حسن، ٢٠١٣، ١١٣)، لەڕاستیدا بەشـــێكی هەر بەهۆی بونی دامەزراوەی ئاینی جۆراوجۆر بوە، كە لەشـــارە كوردییەكاندا دەرفەتی كۆبونەوەی زانا و شـــەرعزان و فەرمودەناسی ســـەر بە مەزەبە جیاوازەكانی ســـوننە ڕەخســـاوە، كە دەرفەتی دەرس گوتنەوە و پیادەكردنی مەزهەبەكەیان بە ئازادی بۆ فەراهەمبوە، بۆ نمونە لە شـــارێكی وەك ســـنجاردا پەیڕەوكارانی هەردو مەزەبی (شـــافیعی و حەنەفی) وەك یەك لەو جۆرە دامەزراوانەدا ئیش و كارو ئەركە ئاینییەكانی خۆیان بە جێهێناوە (ابن شـــداد، ١٩٧٨، ٣/ ١/ ١٨٣-١٨٤)، شـــارەكانی هەولێر و جزیرەی ابن عمر و میافارقین نمونەی دیكە بون، لەم بارەیەوە كە لە ئاســـتێكی پێشـــكەوتوی زانســـتیش دابون (ابن المســـتوفي، ١٩٨٠، ٥/ ٩٥؛ ابن شـــداد، ١٩٧٨، ٣/ ١، ٢٧٦)، بەتایبەتیش بەرفراوانبونی مەیدانی پیادەكردنی مەزەبی شـافیعی بەگشـتی لە ناوچە كوردنشـینەكاندا، كە وایكردوە ببێتە بەربڵاوترین ڕێباوەڕی ئاینی كورد (بەدلیسی، ٢٠٠٦، ٢٢)، ئەوە سـەرباری ئەوەی زۆرینەی كورد بەتایبەت دانیشـتوانی هەرێمەكانی جزیرەی فوراتی و ئاذربیجان و چیاكان كە (المقدسي)بە ئەهلی ســـوننە و جەماعەت و پەیڕەوكاری ئەهلی فەرمودە وەسفیكردون (١٩٩١، ١٤٢، ٣٧٣، ٣٨٨)، هەرچەند لایەنگر و پەیڕەكاری دیكەش هەبون[٧]، كە جێی مەبەست نییە، باسی لایەنی مەزەبی كۆمەڵگەی كوردی بكەین لەو سەردەمەدا.

لەڕاسـتیدا ئەمە سـەبارەت بە ڕۆڵی دامەزراوەكانی سـەر بە ئاینەكانی دیكەش هە ڕاسـتە، بەتایبەت (دێر و ئاتاشـگا و كەنیســـە)كان، كە لەمبارەیەوە بە ڕۆڵی مێژویانەی خۆیان هەڵســـاون، بونەتە ناوەندێكی گرنگی ئاینی بۆ كۆبونەوەی پەیڕەوكارانیان لە جو و زەردەشـتی و مەسـیحی، كە مەراسیم و بۆنە و شـوێنی ئەنجامدانی ڕێورەسـمە ئاینییەكانیان بوە، هەر ئەمە ڕۆڵی گرنگی لە پارێزگاری مانەوەی پەیرەوكاری ئەو ئاینانە هەبوە، بونی ئەو دامەزراوە ئاینیانەش لە زۆرێك لە ناوچە كوردنشـــینەكان بەتایبەت لەســـەدەكانی (٤-٦ك/ ١٠-١٢ز) كە ماوەی لێكۆڵینەوەكەیە، بەڵگەی ئەم ڕۆڵە گرنگەی ئەوانە، بۆ نمونە شاری الرها و حصين كيفا و جزيره ابن عمر و آمد و ماردين و حلوان نمونەی ئەو ناوچانەن، كە زیاتر لە كەنیســـە و دێریكیان لێبوە، ســـەرباری ناوچەكانی دەوروبەریان (عبوش، ٢٠٠٤، ١٢٤؛ عدو، ٢٠١١، ٩٢)، لە ناوچەكانی ڕۆژئاوای هەرێمی چیاكانیش تا سـەردەمی دواتریش ئاماژە بە مانەوەی ئاتاشـگا كراوە، كە بێگومان ئەمەش مانای بونی پەرەوكارانی ئەو ئاینەبوە، كە پەرسـتشی خۆیان تێدا ئەنجامداون، بونی پەیڕەوكاری زەردەشـتی لەم ناوچانەدا گەیاندوە (نەقشبەندی، ٢٠٠٨، ١٦٢؛ كاكە یاسین، ٢٠١٤، ١٣٣)، ئەمەش ڕۆڵی ئەم دامەزراوە دەردەخەن.

ســـەبارەت بە دامەزراوەكانی دیكەی تایبەت بە ئاینی ئیســـلام، لە نمونەی (زاویە و رباط و خانقا)كان، بە هەمان شـێوە ئەوانیش ڕۆڵ و كاریگەری خۆیان لەسـەر كۆمەڵگە هەبوە، بەتایبەت بۆ ئەو ئەركەی كە لەمبارەیەوە بۆی هاتونە دامەزراندن، كە شـــوێنی كۆبونەوەی زیاتر لە چینێكی دیاریكراوبون، بەمەبەســـتی عیبادەت و دەرس خوێندن و ئەهلی زانســـتخوازبون، ســـەرباری ئەوەی زۆرجار دەبونە شـــوێنی كۆكردنەوەی بێ نەوایان و غەریبە و گەشـــتیارانی شـــوێنە دورەكان، ڕۆڵی زانســـتی و وتنەوەی دەرس و كۆبونەوەی زانایان (ابن المســـتوفي، ١٩٨٠، ٢/ ٨١٢؛ رســـول، ٢٠٢٠، ٢٨٨-٢٨٩)، ئەوە جگە لەوەی هەر بەهۆی ئەم دامەزراوانەوە زۆجار لە بۆنە و مەراســـیمە ئاینییەكاندا خەڵكی لە زۆر شـــوێنی دیكەوە ســـەردانی شـــارە كوردییەكانیان كردوە، قەرەباڵغی و ئاوەدانیەكی زۆر ڕوی لەو ناوچانە كردوە، بێگومان بەمەش جموجۆڵی بازرگانی و كڕین و فرۆشـــتن و تێكەڵاوبونی دابونەریت و كەلتوریشی_ لێكەوتۆتەوە، كە ســـیمایەكی

دیاری شارە کوردییەکان بوە، چ جای ئەوەی بونی ئەو دامەزراوە ئاینییانە سیمای پێکەوە ژیانی ئاشتیانە لە کوردستان لەو قۆناغە و دواتریش دەردەخات، کە بەدرێژای مێژوی ئەو قۆناغە ناوچە کوردییەکان پێی ناسراون.

**تەوەرەی دوەم: ڕۆڵی كۆمەڵایەتی دامەزراوە ئاینییەکان:**

ئاین وەک دیاریدەیەکی کۆمەڵایەتی هەمیشە ئامادەی ناو مێژو، دیاردەیەکی هەرە گرنگی کۆمەڵایەتی ناو کۆمەڵگاکان بوە(عیزت، ٢٠١٤، ٦٢، ٢١٦)، هەمیشە لەناو خەڵکە و بۆ خەڵکیش دروست دەبێت، پێویستییەکی ڕوحی و کۆمەڵایەتی مرۆڤە، لەبەرئەوە سەرباری ئەرکە ئاینییەکان کەلەسەر پەیڕەوکارانی هەر ئاینێك بە پێی خەسڵەت و تایبەتمەندی خۆی پێویستە جێبەجێبکرێن، لەهەمان کاتدا کۆمەڵێك بنەما و پرەنسیپی ئاینی هەنە، کە تایبەتن بە ڕێکخستنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و ڕەنگرێژکردنی ژیانی جڤاکی، کە لە پاڵ ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکەی ڕۆڵێکی مەعریفی گەورەش دەبینێت، کە بێگومان کاریگەری لەسەر ڕەنگدانەوەی سستەمی کۆمەڵگە دەبێت، تارادەی ئەوەی زۆر جار ئەو بنەما و هەڵسوکەوت و نەریتانەی کە ئاین بناغەیان بۆ دادەنێت دەبن بە کەلتور، واتا ئاین کەلتورە و بەشێکە لە سستەمی کۆمەڵایەتی (میران، ٢٠١٠، ٥٧)، ئەوە چ جای بوارەکانی دیکە و کاریگەری لەسەر ژیانی شارستانی و دروستبونی سستەمی شاری، هەروەك زۆرێک لە توێژەرانی بواری جوگرافیا بۆچونیان وایە، کە ئاین هۆکاری کاریگەر و گرنگە لە سەر هەڵدان و گەشەکردنی شارەکان و شارنشینی(الهيتي،١٩٨٦، ٢٤؛ ابو صبعة،٢٠١٠، ١٢٧-٢١٧)، بێگومان بەشێکی گرنگی بنەماکانی هەر ئاینێکیش هەر لە ڕێگای دامەزراوە و دامودەزگا جۆربەجۆرەکانەوە ئاراستەی کۆمەڵگا دەکرێن، دەبنە ناوەندێك بۆئاشناکردنی خەڵك پێیان و پیادەکردنیان، بەهەرحاڵ ئەوەی ئامانجی ئەم تەوەرەیە دەرخستنی ڕۆڵی کۆمەڵایەتی جڤاکی دامەزراوە ئاینییەکانە، کە تاچەند ڕۆڵیان لە بواری خزمەتگوزرای کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریدا بینیوە؟ تاچەند بونەتە ناوەندی کۆکردنەوەی پەیڕەوکارانیان؟ بەهێزکردنی ڕایەڵەی پەیوەندی نێوان خەڵك و گیانی هاوسوێی و هاوکاریان پەرە پێداوە؟ ئەمانە چەند پرسێکی دیکە لەم تەوەرەدا قسەیان لەسەر دەکرێت.

لە دوای پرۆسەی فتوحاتی ئیسلامی و بڵاوبونەوەی ئیسلامیش مزگەوت وەکو یەکەم و گرنگترین دامەزراوە و شوێنی پەرستن لە هەمو شار و شارۆچکە و تەنانەت ئاواییەکانیش ئاواکران(دەشتی، ٢٠١٥، ١٨٢)، میر و بەرپرسان بیری زۆریان لە بواری دروستکردنی مزگەوت کردۆتەوە جا چ وەکو خولیا و پێویستی یان پاڵنەری ئاینی بوبێت، هیچ شارێکی کوردی نەبوە کە مزگەوتیکی گەورەی تێدا نەبێت، کە لەمبارەیەوە ڕۆڵێکی گرنگی ئاینی و کۆمەڵایەتی گەورەیان بینیوە(عبوش، ٢٠٠٤، ٩٥)، کە وەك ئەرکێکی ئاینی ڕۆژانە و بەتایبەتیش ڕۆژانی هەینی تێدا کۆدەبونەوە هەر ئەمە بۆ خۆی تێکەڵاوبونێکی کۆمەڵایەتییە، کە هەفتانە دوبارە دەبێتەوە، ئەمەش ئامانجێکی گرنگی ئاینی نوێژ و وتاری هەینییە، کە پەیوەندی برایەتی و گیانی تەبایی و هەواڵی پرسینی یەکدیکە بەهێز دەکات، هەر بۆیەشە شەریعەت بانگهێشتی نوێژی بە کۆمەڵیان دەکات بەمەبەستی کۆکردنەوەی خەڵکی شار و گەڕەکەکان تا فێری بەیەکەوە ژیان بن (مسكويه، (د.ت)، ١٥٣)، ئیدی لەگەڵ ئەوەدا مزگەوت شوێنی خودا پەرستی بوە، ڕۆژانە موسڵمانان بەمەبەستی نوێژکردن ڕۆژانە پێنچ هاموشۆیان کردوە، حەفتانە هەمو ڕۆژانی هەینی بەشداریکردنی زۆربەی موسڵمانان بە سەرکردەو سەردار و میرەوە، لە وتاری هەینی باسکردن لە کێشەو گرفتی کۆمەڵگە و شار، بەمەبەستی چاککردن و باشترکردنی گرفتەکانی شار ئەمەش یارمەتیدەر بوە لە بەرەو پێشبردنی شارەکاندا، لە ڕاستیشدا دامەزراوە ئاینییەکان وەك ناوەندی کۆبونەوەی خەڵك لەو هەلومەج و ڕەوشە سودمەندبون، ئەوەی ڕۆڵیشی- لە ئاراستەکردنی دانیشتواندا بینیوە، وتارێژان و زانا و ئامۆژگاریکارانی بون (وسمان، ٢٠٢٢، ١٣٤)، سەرباری ئەو ڕۆڵە ڕۆشنبیری کە لەبواری هۆشیاری کۆمەڵایەتی و چارەسەرکردن ئاریشە و کێشەکانی خەڵکدا بینویانە، کەئەمەش ڕۆڵ و کاریگەری پەیوەندی نێوان ئاین و گۆڕانی

كۆمەڵایەتی و ڕۆڵی زانایان لە ئاراســـتەكردنی كۆمەڵگەدا دەردەخات (موقەدەم، ٢٠١٠، ٤٦- ٤٧)، بەتایبەت ناوەندی شـارەكان كە خاوەنی چەند دامەزراوەی ئاینی و زانسـتی و شـوێنی كۆبونەوەی دەیان زانای فەرمودەناس و وتاربێژ بون، كە ڕۆڵی دیاریان لە ئامۆژگاری و وتابێژیدا بینیوە (ابن المستوفي، ١٩٨٠، ١/ ٣٣-٣٤، ١٠٧، ١٩٠؛ یوسف، ٢٠١٤، ٢/ ٢٠٠-٢٠٣)، كە بێگومان كاریگەرییان لەســـەر كەمكردنەوەی كێشـــەی كۆمەڵایەتی و بەریەككەوتن و شـــەڕ و ئاژاوەدا هەبوە، بە تایبەت لە كۆمەڵگەی خێڵەكیدا ئەمجۆرە كێشـــانە زۆربون، دیارە كە كۆمەڵگەی كوردیش بە تایبەت لە سـەدەكانی ناوەڕاسـتدا كۆمەڵگەیەكی خێڵەكی لە چەندان خێڵی گەورە و ناودار پێكهاتوە (عیزەت، ٢٠١٤، ٧٦)، ئەگەر ســـەرنج لە مێژوی كوردیش بدرێت بە تایبەت لەســـەدەكانی ناوەڕاســـتدا ئەوا كەمترین حاڵەتی بەریەككەوتن و ئاژاوە ڕویداوە، ســـەرباری فرەجۆری مەزەبی و ئاینی لە شـــارەكاندا، كە ناكرێت هەر لەمبارەیوە ڕۆڵی دامەزراوەكانی ســـەر بە ئایننەكانی دیكەش لەبەرچاونەگیرێت، كە بۆ پەیڕەوكارانیان هەمان ڕۆڵ و كاریگەریان هەبوە، لە نمونەی بەتایبەت كەنیســـەكان و ڕۆڵیان لە هاندان هەســـتی پێكەوە ژیان و تەبایی كۆمەڵایەتی بینیوە (عدو، ٢٠١١، ١٣٤)، بەمانایەكی دیكە دامەزراوە ئاینییەكان ڕۆڵ و ئەركێكی دیكەی گرنگیان بینیوە، كە بریتیبوە لە پەروەردەكردنی تاك و كۆمەڵگا و ئاراســـتەكردنی ڕەفتاریان بە ئامانجی هێنانەدی دادگەری كۆمەڵایەتی و كەمكردنەوەی دەمارگیری و پاراســـتنی بەها بـاڵاكـان، هـەروەك توێژرێـك ئـامـاژەی كردوە ڕۆڵی كۆنتۆڵكردنی كۆمـەڵایـەتی بینیوە(میران، ٢٠١٠، ٦٣)، كـە وەك پێویســـتییەكی ڕۆژانەی خەڵك تاكەكانیان لەســـەر پابەندبون بە بنەما و ڕێنماییە ئاینییەكان و قبوڵكردنی بەهاكان و دابونەریتی یەكدیكە كردوە، ئەمەشـیان بە ئەركێكی ئاینی چەسـپاو داناوە، لەبەرامبەر جێبەجێكردنیدا لەســـەر بنەمای پاداشت و سزا خاڵكیان هانداوە، كە بێگومان هەر شار و وڵاتێكیش پێویستی بە سستەم و ڕێسا و دەسەڵاتێك هەبوە، بۆ پارێزگاری لە ڕێوشـــوێنەكان و پاراســـتنی بەرژەوەندییە گشـــتییەكان (ابن خلدون، ٢٠١٦، ١/ ٥٧٢)، ئەوەی لە كۆمەڵگەی كوردی و شارە كوردییەكانیش تێبینی دەكرێت، لە ڕاستیدا بێ كێشە و ئاریشە نەبون، بەڵام كەمترین حاڵەتی بەریەككەوتن و دیاردەی نەشـازی كۆمەڵایەتی دور لە بەها باڵاكانی كۆمەڵگە و ئاینی تێیاندا ڕویداوە، ئەمەش بەشـێكی بەرهەمی كاریگەری دامەزراوەكان و بەشێكیشی پەیوەندی بە هۆشیاری خەڵكەوە هەبوە.

ڕۆڵێكی دیكە كۆمەڵایەتی دامەزراوە ئاینییەكان ئەوەبوە كە زۆرجار لە كاتی كێشـــە و قەیرانەكاندا وەك ناوەندێكی فریاگوزاری و شـــوێنی حەوانەوە بەكارهاتون، بۆ نمونە مزگەوتی همدان لە قەیران و پشـــێوییەكاندا وەك پەناگەیەك دەركەوتوە بۆ خەڵكی شارەكە، لە سەدەكانی ناوەڕاستدا زۆرجار شارەكان كەوتونەتە بەر هێرش و تاڵانكاری، ئەم مزگەوتە كە لە ســەنتەری شـاردا هەڵكەوتوە، بە هۆی ئەو پێكهاتە بیناسـازییە پتەوەی هەیبوە شـوێنێكی تۆكمە و پارێزرا بوە بۆ خەڵك، ســـەرچاوە مێژوییەكان بەتایبەت ئاماژە بە ســـەردەمی هێرشی مەغۆلەكان و پەنابردنی خەڵك بۆ مزگەوتەكان دەكەن، بە مەبەســـتی پاراســـتنی گیانی خۆیان، چونكە مزگەوت وەك شـــوێنێكی پیرۆز درەنگتر كەوتوەتە بەر هێرش، هەروەها لە كاتی قەیرانەكان و وشـكە سـاڵی و نەخۆشـییەكاندا، مزگەوت شـوێنی ئەنجامدانی نوێژی باران و پارانەوە و وەرگرتنی خێرات بوە و هاریكاریكردنی هەژاران لەڕێگەی ئیمام و خەتیبی مزگەوت و گەورە پیاوانی شار لەناو مزگەوتەكاندا بوە، واتە هەركاتێك خەڵك توشی گرفت یان ئاریشـــەیەك دەبون پەنایان دەبردە مزگەوتی شـــار بۆ بە هانەوەچون و دەســـتی یارمەتی درێژكردن(صـابری همدانی، ١٣٨١هـ، ١٣٤)، نەخاســـمە زۆرجار بەمەبەســـتی حەوانەوە و مانەوەی ڕێبوارانی ڕێگا دورەكان مزگەوتەكان دەبونە شـوێنێكی باش بۆ پشـودان و مانەوە، هەر بۆنمونە میر (بدری حەسنەوەیهی) سەرباری دابینكردنی خزمەتگوزاری دیكە، لەسەر ڕێگا دورودرێژەكانی سنوری قەڵەمڕەوی لەسەر هەر كانی و ئاوێك وەك دەوترێت مزگەوتێكی دروســـتكردوە، بەجۆری لە ژمار نەهاتون(ابن الجوزي١٩٩٢، ٧/ ٢٧٢؛ ابن كثیر، ١٩٨٨، ١١/

٤٠٧)، بۆ ئەوەی بەتایبەت ڕێبواران و زیارەتکارانی حەج کە بەوێدا تێپەبون، ســودیان لێوەربگرن بۆ پشــودان و حەسانەوە، ئەوەی ڕاستیش بێت، دیارترین ڕێگاکانی بەیەکەوە بەستنەوەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای ئیسلامی بە سنوری حلوان و شــارەزور و همدان کە ســنوری قەڵەمڕەوی میرنشــینەکە بوە، بەو ناوچانەدا تێپەربون، لەوانەش ڕێگای خوراســانی گەورە، (نەقشــبەندی، ٢٠٠٨، ٤٣٠؛ کاکە یاســین، ٢٠١٣، ١٤٣)هەر بۆیەشــە بە ڕێگای حاجیان ناسراوە(ياقوت الحموي، ١٩٩٥، ٤/ ٣٣٠)، هەرلەمبارەیەوە زۆرێك لە زاویا و خانەقانیش ڕۆڵی گرنگی پیشکەشکردنی خزمەتگوزرای کۆمەڵایەتیان بینیوە، بەجۆرێك بونە شوێنی لەخۆگرتنی غەریبە و بێدەرەتان و ڕێبوار و سۆفی و بێ چاران، چ جای کۆبونەوەی جەنگاوەرانی خۆبەش و حەزەکی بەتایبەت ناوچە ســنوریيەکانی نێوان خانەی ئیســلام و بێباوەڕان، ئەوەی کە کەوتۆتە ســنوری ناوچە کوردنشــینەکان لە هەرێمە ئاذربیجان و جزرە و ئەرمینیا و شــام، هەروەك ســەرچاوەیەك ئاماژەی کردوە، کە هیچ شــوێنێك لەوناوچانە نەبوە، کە لەمجۆرە خانانەی تێدا نەبوبێت (ابن حوقل،١٩٧٩، ١/ ١٨٤)، ئەوە ســەرباری دابینکردنی پێویســتی و خۆراك و ســەرچاوەی بژێوی و ژیان، هەروەك بە خـانـەی غـەریـبـان نـاودێرکراون(ابن المســتوفي، ١٩٨٠، ١/ ٣٥٧، ٤١٢)، لـەمبـارەیـەوە خـاوەنی ئـەتـابگیـەی هەولێر(مظفرالدين كوكبري)(٥٨٦- ٦٣٠ك/ ١١٨٩-١٢٣٢ز) کاروباری ســەرســوڕهێنەری وایکردوە، کە هەروەك سەرچاوەیەك ئاماژەی کردوە نەکەس کردویەتی و نە بەبیری کەسیشدا هاتوە(ابن خلكان، ١٩٩٧، ٢/ ٢٩١)، بەتایبەت لە جەژن و بۆنە ئاینییەکاندا خێروخێراتی زۆر بەو کەســانە دراوە، کەلە و شــوێنانەدا ژیاون (عیزەت، ٢٠١٤، ١٥٦)، زۆرجار مزگەوتەکان وەك ناوەندێکی گرنگ بۆ کۆکردنەوەی یارمەتی و بەروبومی کشتوکاڵی ڕۆڵیان بینیوە، لە وێوە بەسەر هەژار و کەمدەست و بێ دەرامەتان دابەشکراوە(فارقی، ٢٠٠٧، ٦٠)، لەوانەش داهاتی وەقف و بەرهەمی ئەو کێڵگانەی بۆ خێر و ســەدەقە وەقفکرابون، هەر لەمزگەوتەوە بەســەرهەژارا و کەمدەرامەتاندا دابەشــکراوە (فارقی، ٢٠٠٧، ٦٠)، ئەمجۆرە نمونانە بەڵگەی ڕۆڵی دامەزراوە ئاینییەکان لە پێشــکەشــکردنی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتی و ڕۆڵی جڤاکیان دەردەخەن.

ئەرك و ڕۆڵی پەروەردەکردن و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری زانستی و ڕۆشنبیری، یەکێبوە لە دیارترینی ئەو ڕۆڵەی کە دامەزراوە ئاینییەکان بەگشتی پێشکەشیانکردوە، هەرچەند ئەمە بۆ خۆی بابەتێکی گرنگ و سەربەخۆیە و باسکردنی بەدرێژی جێی مەبەســتی ئەم توێژینەوەیە نییە، بەڵام ئەوەی کە لێرە بەکورتی ئاماژەی بۆ دەکرێت، تەنها دەرخســتنی ڕۆڵیانە لە بواری کۆمەڵایەتییدا، بەتایبەت (دێر و کەنیســە)کان لە قۆناغی پێش ئیســلامەوە بونە ناوەندی زانســتی و مەعریفەی جۆربەجۆر و دوای هاتنی ئیســلام و بەتایبەتیش ماوەی نێوان ســەدەکانی (٤-٦ك/ ١٠-١٢ز)کە ماوەی لێکۆڵینەوەکەیە لەمبارەیوە لەباونەکەوتون (عدو، ٢٠١١، ١٢٦)، لە نمونەی دامەزراوەکانی شـارەکانی (نصـيبين، رها، حران و ئامەد) (الحميري، ١٩٨٠، ١٩١)، بونی پەیڕەوکارانی مەسیحی و جولەکە لە زۆربەی شارە کوردییەکان ئەوانیش خاوەنی دێر و کڵێسا تایبەت بە خۆیان بون، لەمبارەیەوە ڕۆڵی خۆیان بینیوە، دێر و کڵێساکانیان کە شـوێنی پەرسـتش و پەروەردە بون، کە زۆربەشــیان خاوەنی کتێبخانە بون کە لێکدانەوەیان بۆ پەرتوکی فەلســەفە و ئەدەب و شــیعریان دەکرد(الشابشتي، ١٩٦٦، ٤٩)، ئەمانەش نوێنەرایەتی نەتەوەیەکیان کردوە بەمەبەستی فەراهەمکردنی خۆشگوزەرانی و بوژانەوەی بزوتنەوەی زانستی لە شارە کوردییەکاندا، چونکە بەشێک لە قەشەکانی خۆیان سەرقاڵکردوە بە خوێندن و نوسین تیایدا وەکو نمونەی قەشە یوحنا داودی ئەنتاکی (م.لە. ٦٠٠ك/١٢٠٣ز) کە لە دێری (قنقرت)لە نزیک شاری ئامەد خۆتەرخانکرد بوە بۆ ئاین و زمان و پزیشــک و ئەدەب و پەروەردە (افرام برصــوم، ١٩٧٦، ٣٩٨)، لەگەڵ هاتن ئیســلامیش بەردەوام بون، نمونەیەکی دیکە دێری ئەلجودی[vi] لە شــاری جەزیرە (ياقوت الحموي،١٩٩٥، ١٠٢)،

هەندێک لەو کلێســا و دێران بڕوانامەیان دەبەخشی ــ وەکو دێر مارمیکائیل لە ناوچەی ئامەد، دێر مارمتی لە چیای مقلوب نزیک شاری موسل(اسحاق، ٢٠٠٦، ٩٩-١٠٢)بەمەش ببون بە شـوێنی بوژانەوەی زانسـتی لە خاکی کوردان (الشــابشـــتي، ١٩٦٦، ٤٩) لەناو هەندێک لە دێرەکان قوتابخانەی تێدا دامەزراوە لەوانە دێری(زوقنین) کە لە نزیک ئامەد (برصــوم،١٩٧٦، ٤١١؛ ئاکۆیی،٢٠٢٤، ١٧٢)، کە لەســەردەمی میرنشـــینی مەڕوانی لەلایەن (مارشـــمعون م ٤٠٩ک/١٠١٨ز) دامەزراوە (ئاکۆیی،٢٠٢٤، ١٧٢)، لەگەڵ ئەوەشـدا هەندێک لە کلێسا و دێرەکان شـوێنی مانەوەیان هەبوە، بۆ قەشەکان هەروەکو ئاماژە بە کلێساکانی حصن کیفا کراوە بۆ مانەوەی قەشەکان تێیدا (بنكي، ٢٠٠٥، ١٨٩) لەشـــاری حلوان چەند دێرێکی لێبوە لەوانە دێری غار و دێری تەمەویە جگەلە کلێســا بونی هەبوە کە لە بەرد و گەچ بنیاتنراوە کە تیایدا ڕێوڕەسمی خۆیان ئەنجامداوە(کاکە یاسین، ٢٠١٣، ١٣٩)، ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات لە شارە کوردییەکان بارودۆخی کۆمەڵایەتی زۆر لەبار بوە بە تایبەت لەکاتی دەسەڵاتی خۆجێی لە شارە کوردییەکان لە سەردەمی میرنشینی کوردییەکان، دەرفەت بۆ نەتەوەکانی دیکە ڕەخساوە بە ئازادی ژیانیان بەسەر بردوە.

لەدوای هاتنی ئیســلامیش بەتایبەت پێش ســـەرهەڵدانی دامەزراوە فێرکارییەکان (مدارس)مزگەوتەکان و دامەزراوەکانی دیکە بۆشـایی زانسـتی و مەعریفییان پڕکردۆتەوە و ڕۆڵێکی کۆمەڵایەتی و فێرکاری و پەروەردەیی گرنگیان لە ناوچە کوردنشـنەکان بینیوە، وەك ناوەندی زانسـتی بۆنە شـوێنی کۆبونەوەی فێرخوازانی زانسـت و زانیاری بەتایبەتیشی زانسـتی ئاینی، کە لە لایەن زانایان و شـەرعزان و فەرمودەناسـان خزمەتکراون(رسـول، ٢٠٢٠، ٢٧٦)، کە بێگومان لە ڕوی زانسـتیشـەوە شـوێنی کۆبونەوە و بەسـتنی ئەلقەی زانســتی بون، تیایاندا بیرباوەڕی ئاینی و ئەرکەکانی ئیسـلام و قورئان و فەرمودەیان تێدا دەخوێندرا، بەم پێیەش سەرەتای خوێندن لە مێژوی ئیسلامیدا خوێندنێکی ئاینی بوە، چونکە بە ڕێو ڕەسـمی ئاینی نوێ و بیروباوەڕ و تێگەیشـتن و شڕۆڤەکردنی ناوەڕۆکی ئایەت و فەرمودەکانەوە تایبەت بوە، هەمو ئەمانەش بە مزگەوتەوە گرێدرابون و لەگەڵ چەمک و مەبەســتەکانی دەهاتنەوە، بەمەش ئەم دەزگایە بوە بە یەکەم دامەزراوەی زانستی لە مێژوی ئیسلامیدا(شلبي، ١٩٨٢، ١٠٢)، ئەوەی لە سیستەمی حکومڕانی ئیسلامدا دیارە یەکەم شـوێن کە پەروەردە و فێرکاری هەتا چارەسـەری کێشـەی خەڵک و شـار تێدا درابێت ئەوە مزگەوت بوە، بێگومان دوای ئەوەی شـارە کوردییەکانیش بونە بەشـێک لە سـنوری قەڵەمڕەوی ئەو سـســتەمە ئەوا مزگەوت هەمان دەور و ڕۆڵی بینیوە لە شـــارەکاندا، دوای ســـەدەی (٤ک/١٠ز) چەندین زانای کورد دەرکەوتن کە پێگەیەکی بەهێز و دەورێکی کاریگەریان هەبوە لە مێژو ئیسـلامیدا، بە پاڵنەری ئاینی خوێندن وەک پێویسـتیەک سـەیر کرا، ئیدی دامەزراوە ئاینی و زانستی و فێرکارییەکان دەرگایان بە ڕوی منداڵان و خوازیارانی خوێندن و زانستدا کردۆتەوە، هیچ شارێکی کوردیش نەبوە لەمجۆرە دامەزراوانەی تێدا دروست نەکرابن(وسمان، ٢٠٢٢، ٤٤) بێگومان دەرئەنجامی ئەو ڕەوشەش، نەوەیەک لە خەڵکی خوێندەوار و ئەهلی زانســـت و زانایان دەرکەوتن، بە جۆرێک لە مێژوی هەر شـــارێک بەتایبەت هەر لە سـەدەی(٣ک/٩ز) بە دواوە بڕوانرێت، ناوی دەیان زانا لە بوارە جیاوازەکانی زانسـتی ئاینی و زانسـتە جۆربەجۆرەکاندا بەر چاو دەکەون، کە جۆرێکیشـان بە هەڵگرتنی پاشـگری ناوی شـارەکان بە بێ دیاریکردنی نەژادیان خۆیان ناسـاندوە، بەڵگەیەکی دیاری ئەو بوژانەوە زانسـتی و ڕۆشـنبیرییە، هەڵگرتنی ئەم جۆرە نازناوانە نیشـانەیەک بۆ ژیانی شـارنشـینی و هەسـتی شـانازی کردن بە شـارەکانیان(جوزەلی، ٢٠٠٨، ١٢٢؛ حسـن، ٢٠١٣، ٩٦)، هەر بەشێك لەو زانا و شـارەزایانە بون، کە تا ئاسـتی پێسـپاردنی ئەرک و بەر پرسـیاریەتی پۆسـتی باڵا پێیان لەلایەن میرەکانەوە، ڕۆڵ و کاریگەری ئەوان دەردەخەن (الفارقي، ٢٠٠٧، ٧٠).

زیاتر لەوەش سەرباری ئەوەی کە شوێنی وانە گوتنەوە و کۆڕ و کۆبونەوەی مامۆستا و زانا و فێرخوازانی زانست بوە، جگە لەوەی شوێنی بەیەکگەیشتنی توێژی جیاواز و شوێنی حەوانەوە و پشودانی گەڕیدەو غەریبان لە هەمو پێکهاتەکان بوە، سەرەڕای ئەوەی مەڵبەندێک بون بۆ چارەسەری زۆرێک لە کێشە و گرفتەکان(الرویشدی،٢٠٠٦م، ١١٩)، لە سەردەمەکانی دواتریشدا بەهۆی بارودۆخی سیاسی و سەربازی و ڕۆڵی ئەم دامەزراوانە لە گشت شار و شارۆچکەکان زیادی کرد، میر و دەسەڵاتدارانی بایەخی زۆریان بە ئاواکردنیانداوە(ابن المستوفی،١،١٩٨٠/١٩١؛ ابن شداد، ١٩٧٨، ١٥٧/٣)، بۆ نمونە لە سەردەمی میرنشینی حەسنەویهی شاری دینور خاوەنی مزگەوتێکی گرنگ و مێژویی بوە، کە تەنها بریتی نەبوە لە بینایەك بۆ عیبادەت و پەرستن، بەڵکو ڕۆڵێکی زۆر گرنگی لە پێکهاتەی کلتوری، کۆمەڵایەتی، زانستی و تەنانەت سیاسی شاری دینوەردا هەبوە(المقدسی، ١٩٩١، ١٩٧؛ نظری- مجبتی، ١٣٩٦، ٩٧)، ئەم مزگەوتە کە لەسەردەمی میر حسنەوی کوڕی حسین بەرزیکانی بە بەردە شاخ دروست کراوە لە هەمان کاتدا دەزگایەکی فێرکاری بوە و کتێبخانە هەبوە(خضر، ١٩٩٤، ٩٢؛ ئاکۆیی، ١٦٨،١٦٩)، هەندێک جار ئەم دامەزراوەکانی دیکەش وانەی ئاینی تێدا دەخوێندرا، لەوانە خانەقای (حەمەوی) لە شاری ئامەد کە سعدالدین کوڕی مؤید (م.لە. ٦٥١ک/١٢٥٣ز) وانەی تیا گۆتۆتەوە و موریدەکانی زۆر لێ ڕازی بونە (العینی، ١٩٨٧، ٨٣/١) هەندێک لەم خانەقایانە شوێنی کۆبونەوەی شاعیران و ئەدیبان بوە لەوانە خانەقای میافارقین ئەدیب ئەبو حسین کوڕی نجم کوڕی بیانی موصلی و ئەدیب ئەبو الحسن توهامی کۆبونەتەوە دیداریان ئەنجام داوە (النجار، ٢٠١٥، ٤٢/١٩) لە شاری هەولێر خانەقا هەبوە کە لەلایەن قایمازی زینی جیگری زیندین علی دامەزراوە و یەکێ لە مامۆستایەکانی ئەم خانەقایە ئەبو فضل کوڕی ئەبوحسني محزومي[vii] بوە (م.لە. ٥٩٥ک/١١٩٨ز) کە شارەزای فەرمودەناسی بوە وانەی تێدا گوتۆتەوە(ابن المستوفي،١٩٨٠/ ١، ١٩١) هەروەها لە سەردەمی سولتان مظفرالدین گرنگی زیاتریان پێدراوە وەکو خانەقای جنینە لە هەولێر کە سەرپەرشتیاری بۆ دامەزراند بوە بە ناوی محمد کوڕی ئەبی فخری کوڕی احمدی کرمانی[viii] (م.لە. ٦٣٥ک/١٢٣٧ز) کە ئەدیب و شاعیر بوە، (ابن المستوفي،١/١٩٨٠، ٣٠٤)، بەگشتی دەستکەوت و کاریگەرییەکانیشان لەسەر کۆمەڵگە فرە ڕەهەندبون، کە ڕۆڵی گرنگیان لە پێشخستنی شارستانیدا بینیوە، لە ڕاستیشدا هەرکاباسی دامەزراوە فیرکارییەکان دەکرێت، مزگەوت و زاویا و رباط و خانەقاکان وەك دامەزراوەی ئاینی لە دیارترین دامەزراوەکان ناویان هاتوە.

ڕۆڵێکی دیکە دامەزراوەکان لە ژیانی کۆمەڵایەتی و جڤاکیدا لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا، بونەتە ناوەندی کۆبونەوە کۆمەڵاتیەکان بەتایبەت لە کاتی بۆنە ومەراسیمە ئاینی و کۆمەڵایەتییەکاندا، لە نمونەی جەژن و مەراسیمی پرسە و شینگێڕاندا بۆنەگەلی دیکە، کە لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا هەبون (بڕوانە: عیزەت، ٢٠١٤، ١٥٥-١٧٥)، لە نمونەی ئەو جەژنە ئاینیانەیانەش کە بە موسڵمان و ئیسلامەوە تایبەتبون، بریتیبون لە جەژنەکانی (ڕەمەزان و قوربان)کە نوێژی جەژنیان بە کۆمەڵ تێدا ئەنجامدراوە، هەروەک ئەوەی لە فەرمودەی پێغەمبەر(د.خ)دا هاتوە (یوم الاضحی و یوم الفطر)(مسلم، ١٩٥٥، ٢/ ٦٠٤؛ القلقشندي، ١٩٨٧، ٢ /٤٤٤)، لەگەل ئەوەشدا جەژنەکان لایەنێکی گرنگی کۆمەڵایەتیی ناو کۆمەڵگان کە دەبێت هۆی دەربڕینی خۆشی خەڵک و ئاشتەوایی نێو تاکەکانی کۆمەڵگە و ئاشتبونەوە، لەراستیدا جەژنی ڕەمەزان و قوربان پیرۆزی خۆیان هەیە و ڕێو ڕەسمی تایبەت بە خۆیان بۆ دەگێڕن و دڵخۆشی دەردەبڕن، کە ئەمانە جەژنی سەرەکیەکانی موسڵمانان بون، کە تایبەتمەندی و بایەخی خۆیان ئەوکاتەش زۆر هەبوە، لەمانگی ڕەمەزاندا دامەزراوە ئاینییەکان بەتایبەتیش مزگەوتەکان ڕۆڵی زیاتریان لە کۆبونەوەی نوێژخوێنان و موسڵماناندا بینییوە، بەمەبەستی نوێژی تەراویح و تەهلیلە و گوێگرتن لە ئامۆژگاری مزگەوت و تەکیە و خانەقا و زاویاکان قەرەباڵغیەکی زۆریان بەخۆوە بینیوە، بەتایبەت مزگەوتەکان بە مۆم شەوانە ڕوناك دەکرانەوە لە ڕۆژی جەژنیشدا

خەڵك ئامادەی نوێژی جەژن دەبون و بەجلی نوێ و سەرفترە و خێرو خێراتیان بە هەژاران داوە(ابن جبیر، د.ت، ١١١-١١٢؛ الحاج،١٩٨٧، ٣٣٩ ؛عیزەت، ٢٠١٤، ١٦٩-١٧٠)، یاخود داهاتی وەقفیان بەسەردا دابەشکراوە(فارقی، ٢٠٠٧، ٦٠)، لە مەراسیم و پرسەکانیشدا بەهەمان شێوە مزگەوتەکان وەك ناوەندێکی ئاینی بەشێك لە مەراسمی شوشتنی کەسی مردو و تازیەدانان و بەڕێوەبردنی پرۆسەکە هەر مزگەوت جێبەجێکراوە(ابن المستوفي، ١٩٨٠، ١/ ٣٩-٤٠؛ عیزەت، ٢٠١٤، ١٨٥، ١٨٧)، بەتایبەت بۆدانانی پرسە و بەڕێوەبردنی مەراسمی تازیەی میر و بەرپرسان لە مزگەوتەکان بەڕێوەچون(صابری همداني، ١٣٨١، ١٨٤)، ئەمەش ڕەنگە بەشێکی پەیوەندی بە قەرەباڵغی پرسەکە و ئاستی بەرپرسیاریەتی و کەسایەتی مردوەکەوە بوبێت.

لە ڕاستیدا دێر و کەنیسەکانیش وەك ناوەندی ئاینی تایبەت بە جو و مەسیحیەکان، بەهەمان شێوە بەپێی بنەما ئاینی و کەلتوری تایبەت بەخۆیان، خاوەنی چەند بۆنە و یادێك بون (عدو، ٢٠١١، ٩٨)، کە بە بۆنەیانەوە ئاهەنگ و مەراسیمی شایستەیان سازکردوە، وەك ئاهەنگێڕانی (دیر برقوما)ی شاری میافارقین و (دیر الزعفران[ix]) لە نصیبین و کە بەپەرۆشەوە ئاهەنگیان گێڕاوە دڵخۆشی خۆیان دەربڕیوە (یاقوت الحموي، ١٩٩٥، ٢/ ٥١١)، ئەمانە و گەلێ بۆنە و مەراسیمی دیکە، کە بەزۆری لە ناوەندە ئاینییەکان و دێر و مەرقەد و نزرگاکانی تایبەت بەخۆیان بەڕێوە براون، بە جلوبەرگی ڕازاوە و خواردن ئامادەکرن ئاهەنگیان گێڕاوە(عدو، ٢٠١١، ١٠٠)، ئەمانەش بەگشتی بێگومان ڕۆڵی کۆمەڵایەتی ئەو دامەزراوانە نیشان دەدەن، کە ناوەندی بەهێزکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و هۆکارێك بون بۆ پاراستنی کەلتور و دابونەریتی کەمینە ئاینیەکان(تفرشی، ١٣٩٢، ٢٣)، دیارە لەناو کۆمەڵگەی کوردی و شارەکانیش نمونەی ئەو ئەرك و ڕۆڵەیان بینیوە.

ئەوە سەرباری بونی دەیان مەرقەد و مەزارگە و ئارامگەی تایبەت بە موسڵمانان و پێکهاتە ئاینەکانی دیکەش، کە لە زۆربەی ناوچە و شار و شارۆچکەکان هەبون، هەروەك توێژەرێك ئاماژەی کردوە بەتەواوی شوێن و ژمارەیان نازانرێت و داتایەکی ورد دەربارەیان نییە، ئەوەندەیە ژمارەیان زۆربوە(عبوش، ٢٠٠٧، ١١٨-١٢٦)، کە وەك دامەزراوەی ئاینی وەرمان نەگرتون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وەك شوێنێکی پیرۆز و گرنگی ئاینی لای پێکهاتەکان ناسراون، زۆرجار بۆ مەبەستی جیاواز و دوعاخوازی بۆنە و جەژنە ئاینییەکان خەڵکی زۆر سەردانیانکردون، ئەوە چ جای ئەوەی زانا و کەسایەتیيە دیارەکان بۆ هەرمەبەست نیەتێك بوبێت سەردانی ئارامگە و نزگەکانیان کردوە، هەر بۆ نمونە (ابن المستوفي) گوتویەتی بە مەبەستی تەبەروك چەند جارێك سەردانی گۆڕی سۆفیەکی ناوداری کوردی شاری هەولێری کردوە(١٩٨٠، ١/ ٢٦٣).

بەهەرحاڵ لەوەی کە بەکورتی خستنە ڕوی چەند نمونەیەك بۆ هەر ڕۆڵێك خرایە ڕو، کاریگەری ڕۆڵی دامەزراوە ئاینییەکان بەگشتی دەرخست، لە بواری ئاینی و پەروەردە و کەلتوری و بەگشتی کۆمەڵایەتیدا، ئەم دامەزراوانە سەرباری ئەوەی سیمای ئاینی و ئاینداری کۆمەڵگەی کوردەوارییان پیشانداوە، گوزارشتیش بون لە فرە ئاینی و بەیەکەوە ژیانی ئاشتیانەی هەمو پێکهاتە ئاینییەکانی کوردستان، کە هەریەکەشیان ڕۆڵی گرنگیان لە پاراستنی ناسنامەی خۆیان کەلتور و ڕێورەسمە ئاینیەکانی خۆیاندا هێشتۆتەوە، کە تاکو ئەمڕۆش پارێزگاری لێدەکەن، لە نمونەی دابونەریت و مەراسیمە ئاینی و کۆمەڵایەتییەکان و ڕۆڵیان لەبواری خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی و ناوەندێك بۆکاری خێرخوازی و چاکەکاری، سەرباری ڕۆڵە ئاینیەکەی خۆیان، ڕۆڵیشیان لە پاراستنی بەها باڵاکانی کۆمەڵگەدا هەیە، هەروەك چۆن لەماوەی توێژینەوەکەشدا بەو ئەرکە هەڵستاون.

## ئەنجام

لە ئەنجامی گەڕان بەناو سەرچاوە مێژوییەکان و لێکدانەوە و شیکردنەوەی کۆمەڵێك بۆ چونی مێژویی، بە چەند دەرئەنجامێک گەیشتین کە بەکورتی دەیانخەینەڕو:

١- هەرچەندە شار و شارنشینی مێژوییەکی کۆنی لە کوردستان هەیە، هۆکاری ئاینیش بە یەکێك لە هۆکارە دیار و کاریگەرەکانی گەشەکردن و بەهێزبونی پێگەی شارەکان دادەنرێت، بەتایبەت لەسەردەمی دەوڵەتی عەبباسیدا.

٢- شار وەك ناوەندێکی شارستانی و کۆمەڵایەتی پێویستی بە دامەزراوەی جۆربەجۆر هەیە، کە پێویستی مادی و مەعنەوەی خەڵك دابیندەکەن، دیارە دامەزراوە ئاینییەکان لە دیارترین گرنگترین دامەزراوەکان بون، کە پەیوەندیان بە بیروباوەڕ و بەشێکی زۆری دابونەریتی دانیشتوانەوە هەبوە.

٣- ئاینی کاریگەری تەواوی هەیە لە دروستبون و پێشکەوتنی شاردا، بەشێک لەو ڕێو ڕەسمە بۆنە ئاینیانە کاریگەری لەسەر شاردا دروستکردون، بەریککەوتن و هاوبەشی شوێنی ژیان و تێکەڵاوبونی کۆمەڵایەتی کاری تێکردون، بە تایبەت لە بەهێزکردنی پێگەی کۆمەڵایەتی شاردا.

٤- شارە کوردییەکان دامەزراوەی ئاینی فرە جۆریان تێدا بوە، لە نمونەی (مزگەو و دێر و کەنیسە و ئاتاشگا)، ئەمەش ئاماژەیە بۆ بونی پەیڕەوکار و ئاینی جیاواز و نمونەی پێکەوە ژیانی ئاشتیانە، کە هەریەکەشیان بەپێی بنەماکانی خۆی ڕۆڵی مێژویانەی خۆی گێڕاوە.

٥- دامەزراوە ئاینییەکان ڕۆڵی کۆمەڵایەتی و چڤاکی گرنگیان لە قۆناغە مێژویەدا بینیوە، لە پەروەردەکردنی تاك و بوارەکانی زانستی و فێرکردن و پێشکەشکردنی خزمەتگوزرای کۆمەڵایەتیدا.

٦- بونی دامەزراوە ئاینییەکان لە بەرەو پێشچونی شار لە زۆر ڕووەوە و هۆکارێک بوە بەمەبەستی سەردانیکردنی نەتەوەی جیاواز و زانا و کەسایەتی دیار لە پێناو خزمەتکردنی زیاتری خەڵک.

٧- بۆنە ئاینییەکان زۆرجار هۆکارێکی گرنگ بون بەمەبەستی یارمەتی دانی هەژاران، ئەمەش وای دەکرد پێگەی کۆمەڵایەتی شار بەهێزتربێت، خۆشەویستی لە نێو خەڵکدا زیاتر بکات، ڕۆڵی گرنگیش لە پاراستنی کەلتور و دابونەریتەکاندا بینیوە، سەرباری پاراستنی بەها باڵاکانی کۆمەڵگا.

## لیستی سەرچاوەکان:


ابن الاثير:عزالدين ابى الحسن على بن ابي الكرم محمد بن محمد الشيباني(٢٠٠٦)، الكامل في التاريخ، حققه واعتنى به عمر عبدالسلام التدمري، دارالكتب العربي، بيروت.

ابن الازرق:محمد بن على الأصبحي الأندلسي-(د.ت)، بدائع السلك في طبائع الملك، المحقق: د.علىٰ سامي النشار، النشر- وزارة الاعلام- العراق، الطبعة الأولى.

ابن الجوزي: أبو الفرج عبدالرحمن بن علي (١٤١٢هـ/١٩٩٢م)، المنتظم في تاريخ الامم والملوك،دار الكتب العلمية، بيروت.

ابن العماد الحنبلي: ابو الفلاح عبدالحي بن العماد،(١٤٠٦هـ/١٩٨٦م)، شذرات الذهب في أخبار من ذهب،دار ابن الكثير، بيروت.

ابن كثير: عمادالدين ابو الفداء اسماعيل بن كثير(د.م:١٤٠٨هـ/١٩٨٨م)، البداية والنهاية، دار إحياء التراث العربى.

ابن المستوفي: شرف الدين ابو البركات المبارك بن احمد(١٩٨٠م)، تاريخ اربل، تحقيق، سامى بن السيد خماس الصقار، دار الرشيد، بغداد.

ابن جبير: محمد بن احمد الكناني الاندلس (د.ت). رحلة ابن جبير، دار الكتاب المصري، القاهرة.

ابن حوقل: أبو القاسم محمد بن علي النصيبي(١٩٧٩م)، صورة الارض، طبعة دار المكتبة الحياة، بيروت.

ابن خلكان: ابو العباس شمس الدين احمد محمد(١٤٣٤هـ/٢٠١٣م)، وفيات الأعيان وانباء ابناء الزمان، حققه، احسان عباس، بيروت.

ابن شداد:عزالدين محمد بن علي(١٩٧٨م)، الاعلاق الخطيرة في ذكر امراء الشام والجزيرة، تحقيق، يحيي عبارة، وزارة الثقافة والارشاد القومي، دمشق.

ابن شعار: كمال الدين أبو البركات المبارك بن الشعار الموصلي (٢٠٠٥م)، قلائد جمان في فرائد شعراء هذا الزمان المشهور بعقود الجمان في الشعراء هذا الزمان، دار الكتب العلم، بيروت.

البلاذري: أبي الحسن احمد بن يحيي بن جابر(٢٠٠٠م)، فتوح البلدان، وضع حواشية عبدالقادر محمد علي، دار الكتب العلمية، الطبعة الاولى، بيروت.

الحميري: ابو عبدالله محمد بن الصنهاجي(١٩٨٠م)، الروض المطار في خبر الأفطار، المحقق: احسان عباس، دار السراج، ط٢، لبنان.

الشابشتي،ابوالحسن على بن محمد(١٣٨٦هـ/١٩٦٦م)، الديارات، تحقيق، گورگيس عواد، مطبعة، المعارف،ط٣،بغداد.

القلقشندي: ابو العباس احمد بن على(١٩٨٧م)، صبع الاعشى في صناعة الانشاء، دار الكتبية العلمية، ط١، بيروت.

العينى، بدر الدين محمود اللعيني،(١٩٨٧م)،عقد الجمان في التاريخ أهل الزمان، تحقيق، محمد امين، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة.

مسكوية: ابى على احمد بن محمد بن يعقوب مسكوية(د.ت). تهذيب الاخلاق و تتهير الاعراق،دار الكتب العلمية، مصر.

المقدسي: ابو عبدالله شمس الدين محمد البشارى(١٩٩١م). احسن التقاسيم في معرفة الاقاليم،دارصادر،ط٣، القاهرة.

مسلم : أبو الحسن مسلم الحجاج النيسابورى (١٩٥٥م)، صحيح مسلم، المحقق. محمد فؤاد عبدالباقى، دار أحياء التراث العربى، بيروت.

الهروري: أبوالحسن على بن ابي بكر بن علي(١٤٢٣هـ)، الاشارات الى معرفة الزيارات، مكتبة الثقافة الدينية، الطبعة الاولى، القاهرة.

ياقوت الحموي: شهاب الدين ياقوت بن عبدالله الحموي(١٩٩٥م)، المعجم البلدان، دار احياء التراث العربي،ط١، بيروت.

میر شەرفخانی بەدلیسی (٢٠٠٦ز)، شەرەفنامە(مێژوی ماڵی میرانی کورد)، وەرگێڕانی هەژار، چاپخانەی ئاراس، چاپی سییەم، هەولێر.

ئیبن خەلدون: ابو زيد عبدالرحمن محمد(٢٠١٦ز)، موقەدیمە ئیبن خەلدون، وەرگێڕانی سەعید بەشیر، چاپ و پەخشی ڕێنما، چ١، سلیمانی.

ئیبنو ئەرزەق فارقی: (٢٠٠٧ز)، مێژوی میافارقین و ئامەد، وەرگێڕانی قادر محمد پشدەری و ئاکۆ برهان محەمەد، چاپخانەی منارە، هەولێر.


حمدالله المستوفى: ابوبكر بن احمد بن نصر- القزوينى(١٣٣٦ش/١٩٥٧م). نزهه القلوب، درصفت بلدان ولايات وبقاع، باهتمام طاى لسترنج، تهران.

برصوم: افرام برصوم اللؤلؤ،(١٩٧٦م)، المنشور في التاريخ العلوم والادب السريانية، مطبعة الشعب، بغداد.

بنكلي: سيپان حسن(٢٠٠٥م)،حصن كيفا، دار سيبريز، دهۆك.
جوزەلي: اميد ابراهيم(٢٠٠٨م)، الحياة العلمي في اربل(من القرن السادس حتى القرن السابع للهجرة، مؤسسة بدرخان، اربيل.
الحاج: حسين (١٩٨٧م)، النظم الاسلامية،الموسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت.
الخزيم: صـالح بن ناصر بن صـالح (١٤١٩هـ)، وظيفة المسـجد في المجتمع، وزارة الشـؤن الاسـلامية والاوقاف والدعوة الارشـاد، السعودية.
الخفاف: عبد على مناف (١٩٩٩م)، المبادى العامة لجغرافية المدن، دار الكندي،عمان.
الرويشدي: سوادى عبد محمد الرويشدى،(٢٠٠٦م)، الاحوال الاجتماعية والاقتصادية في بلاد الجزيرة الفراتية خلال قرن(٦هـ/١٢م)دار الشون الثقافية العامة، بغداد.
سعيد: مؤيد(١٩٨٨)، المدن الدينية و المعابد، المدينة و الحاة المدنية، ج١، (بغداد)
شبلي: احمد (١٩٨٢م)، التربية الاسلامية نظمها فلسفتها تاريخها، الطبعة السابعة، مكتبة النهضة المصرية، القاهرة.
عباس: حسين عبدالرزاق(١٩٧٠م)، جغرافية المدن، المكتبة بغداد، بغداد.
حاجي عبوش: فرهاد (٢٠٠٤م)، المدينة الكردية من القرن(٤-٧هـ/١٠-١٣م)،ط١، اربيل.
عدو: بناز اسـماعيل عدو (٢٠١١)، اهل الذمة في البلاد الكرد في العصر العباسي١٣٢-٤٤٧هـ/٧٤٩-١٠٥٥م، دراسـة تاريخية تحليلة، موسسة موكرياني للبحوث والنشر، اربيل.
النقشبندى: حسام الدين على غالب النقشبندى،(٢٠١١م)الكرد في لرستان الصغرى (الشمالية)شهرزور خلال عصر الوسيط(٣٤٨-٥١١هـ/٩٥٩-١١١٧م)،بنكەی زين، سليماني.
الهيتي: صبرى صالح الهيتى و حسن صالح،(١٩٨٦م)، الجغرافيه المدن، مكتبه دارالكتب، الموصل.
توفيق: زرار صـديق(٢٠١٠)،کورد و کوردسـتان لە ڕۆژگاری خیلافەی ئیسـلامیدا(١٦-٦٥٦ك/٦٣٧-١٢٥٨ز)، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
حسن: چرا محمود،(٢٠١٣)، بزاڤی زانستی دەینەوەر لەسەدەی سێیەم و چوارەمی کۆچی/نۆیەم و دەیەمی زایینی، چوارچرا، سلیمانی.
حوسێن: موحسن مەحمەد،(٢٠١٠ز) هەولێر لەسەردەمی ئەتابەگیاندا(٥٢٢-٦٣٣ك/١١٢٨-١٢٣٣ز)،چاپی یەکەم، هەولێر.
خۆشـناو: حەکیم احمد،(٢٠١٤م)، کورد و کوردسـتان لە دیدی گەڕیدە و وڵاتناسـانی موسـڵمان(٢٣٢-٦٢٦ك/٨٤٦-١٢٢٩ز)، چاپی یەکەم.هەولێر.
رسول: رسول ابراهيم، (٢٠٢٠ز)، پێکهاتەکانی کوردستان لەسەردەمی عەبباسیداچاپی یەکەم، چاپخانەی نارین، هەولێر.
رسول: سەنگەر عبداللە،(٢٠٢٥ز)، ڕەنگدانەوەی ململانێی سیاسی و ئاینی لەسەر ڕەوشی هزرو زانست شارستانیەتی ئیسلامدا،(بەغداد و ئەندلوس بە نمونە)(٥-٦ك/١١-١٢ز)چاپی یەکەم، هەولێر.
عیزەت: فائزە محمد،(٢٠١٤ز)، ژیانی کۆمەڵایەتی کورد لە نێوان سەدەکانی(٤-٩ك/١٠-١٥ز).چاپی یەکەم،موکریان، هەولێر .
یاسـین: هەمزە کاکە،(٢٠١٣) حلوان لەسـەردەمی خەلافەتی عەبباسی تا ڕوخانی میرنشـینی عەننازی(١٣٢-٥١١ك/٧٥٠-١١١٧ز) لێکۆلینەوەیەکە لە مێژوی سیاسی و شارستانیەتی،بلاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.
خەرپانەیی: سەعید بەشیر موقەدەم،(٢٠١٠ز)، کاریگەری ئاین لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتییەکان، و. چاپخانەی سایە.سلیمانی.
میران:ڕەشاد،(٢٠١٠ز)، چەند بابەتێکی ئیتنۆ – کۆمەڵایەتی، چاپخانەی خانی، دەزگای موکریانی، هەولێر.
ئاکۆیی: ئاکۆ برهان محمد،(٢٠٢٤)،شارستانیەتی کوردستان لە ڕۆژگاری خیلافەی ئیسلامیدا،چ١، چاپخانە تەفسیر، هەولێر.
بالقاسم: الذيب،(١٩٩٥)، المجال العمراني والسلوك الاجتماعي- دراسة ميدانية مقارنة حالة بسكرة، الرسالة ماجستير غير منشورة، كلية العمارة والعمران،جامعة قسطنطينة.
خضر: مهدى قادر (١٩٩٤)، الحياة الفكرية والعلمية في غربي اقليم الجبال في القرنين الرابع والخامس للهجرة/ العاشر للميلاد، رسـالة الماجستير، كلية الاداب، جامعة صلاح الدين، اربيل.
النجار: مصـطفى احمد محمد (٢٠١٥)، الحياة الفكرية في كردسـتان(٥٧٥-٦٥٦هـ/١١٧٩-١٢٥٨م). اطروحة دكتوراه، فاكلتي العلوم الانسانية، جامعه دهوك، دهوك.

وسمان: شمال محمد،(٢٠٢٢)، ڕەوشی پەروەردە و فێرکردن و لە کوردستان لەسەدەکانی(٥-٧ک/١١-١٣ز). (زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە.
صابری همدانی: احمد صابری،(١٣٨١)، تاریخ مفصل همدان، قم، موسسە فرهنگی انتشاراتی شاکر، چاپ اول سال نشر .
تفرشی:علیرضا اشتری (١٣٩٢)، جغرافیای تاریخی و جایگاە اقتصادی دینور، نشریە مطالعات تاریخ اسلام، تابستان ١٣٩٢.شمارە ١٣.
نظری-گراوند: داریوش نظری-مجتبی گراوند-(١٣٩٦)، وضـعیت دینور در عهد آل حسـنویە، بشـیر آذرجو، فصـل نامە جندی شـاپور، دانشگاە شهید چمران اهواز، سال سوم، شمارە ١٢، زمستان ١٣٩٦، اهواز.

پاشکۆ: نەخشەی بەشێک لە شارە کوردییەکان لەسەردەمی عەبباسیدا، وەرگیراوە لە(رسول، ٢٠٢٠، ٥٥١)



[i] ئەگەرچی سـنوری جوگرافی ئەو تەوەرە(توێژینەوەیە) بەرفراوانە، کە شـارە کوردییەکانی هەرێمە کوردنشـینەکان بەگشـتی وەرگیراون، بەڵام لەبەرئەوەی وەرگیراوە لە تێزی دکتورا نەتوانراوە شارەکانی هەرێمێک بۆ نمونە (هەرێمی جزیرە یان ڕۆژئاوای هەرێمی چیاکان)بە نمونە وەربگرین.

[ii] میر بدر: یەکێبوە لە میرە بەناوبانگ دیارەکانی میرنشینی حەسنەوەیهی کە نزیکەی (٣٦ ساڵ)فەرمانڕەوایی میرنشنەکەی کردوە، ڕۆڵی دیار و بەرچاو لە بواری ئاواکاری شارستانیدا بینیوە، بە کارە خزمەتگوزارریەکانیشی ناوی دەرکردوە. ابن الجوزی، المنتظم، ج٧، ص٢٧٢.

[iii] لەسەدەی (٤-٦ك/ ١٠-١٢ز) زۆربەی شـارەکانی کوردسـتان بوژانەوەی شـارسـتانی دیاریان بەخۆوە بینیوە، کە پێشـتر زۆر باسـکراون، ئەوەی جێی مەبەسـتە بۆکۆی باسەکە ئێمە تەنها ناچارین نمونە بێنینەوە لەبەر دەرنەچون لە سنوری دیاریکراوی توێژینەوەکە لەو ژمارە لاپەرانەی دیارکراون، ئەگەرنا بۆ ناو تێزی دکتۆراکە دەکرێت بەدرێژتر و نمونەی زیاتر بابەتەکە دەوڵەمەند بکەین.

[iv] بێگومان پێشتر لە توێژینەوەی زۆری دیکەدا باسی بزاڤی زانستی و زانایانی کوردلە زۆربەی شارەکانی کوردستان کراوە، جێی مەبەستی باسکردنی ئێمە نین، بۆ نمونە بۆ زانیاری بڕوانە: امید ابراهیم جوزەلی، حیاة العلمیة في اربیل، ص٥٧؛ اکو برهان، الحیاه الثقافیة في دیاربکر، ص١٠٧؛ چرا محمود، بزاڤی زانســتی دینەوەر، ل٩٦. چەندانی دیکە. لەم توێژینەوەیەدا هەرئەوەندە جێی مەبەستە و لە تەوەری دیکە بابەتی زیاتر باسدەکرێن.

[v] لە ڕاســتیدا پەیرەوکاری مەزەبی شــیعە و باطنی و خواریجیش هەبون، لێرەولوێی ناوچە کوردنشــینەکان بەهەر هۆکارێك هەبێت بڵاوبونەوەی، بەڵام لە ســنورێکی بەرتەسـك و دواتریش کورد زۆرینەی ڕەهای بۆتەوە پەیرەوکاری سـوننە و مەزەبەکانی بەتایبەت شـافیعی وەك باسـمانکرد، بەهەرحاڵ بۆ زانیاری بۆ نمونە بڕوانە: عطا عبدالرحمن محي الدین، حرکات الخوارج في بلاد الکورد، ص٢١٠.

[vi] دیر الجودی: کەوتبوە ناوچەی جزیرە و لەسـەر چیایەکی ناوچەی جزیرەی ابن عمر دروسـتکراوە، بە دوری حەوت فرسـخ لەشـارەکەوە دوربوە. یاقوت الحموی، معجم البلدان، ج٢، ص٥٠٤.

[vii] ابو الفضل بن ابو الحسن محزومی: زانایەکی ناوداربوە، بەمەبەستی وەرگرتنی زانست و زانیاری ڕوی لە اربل کردوە و تێیدا گیرساوەتەوە.ابن المستوفی، تاریخ اربل، ج١، ص١٩١.

[viii] أَبُو حَامِد مُحَمَّد بْن أَبِي الفخر بْن أَحْمَد الکِرْماني: زانایەکی ناوداری بەڕەگەز عەجەمبوە، کە هاتۆتە اربل و لە خەڵوەتگە شارەکە گیرساوەتەوە سۆفیەکی ناوداربوە. بڕوانە: ابن المستوفی، تاریخ اربل، ج١، ص٣٠٤.

[ix] دیر الزعفران: دیارە دو دێری بەوناوە هەبون یەکێکیان لەنزیک شـاری جزیرەی ابن عمر لە دامێنی قەڵای اردمش و ئەوەی دیکەیان لە دامێنی چیاکانی نصـیبین، چ جای بونی چەند دانەیەکی دیکە لە ناوچەکەدا. بڕوانە: یاقوت الحموی، معجم البلدان، ج٢، ص٥١١.